# دیاردەی مەی خواردنەوە لە ناو گەنجاندا

[ كردي – كوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی: ماڵپەڕی نوور

http://judi.ueuo.com/

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( ظاهرة شرب الخمر بين الشباب )

« باللغة الكوردية »

إعداد: موقع النور
/http://judi.ueuo.com

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩
islamhouse.com

# دیاردەی مەی خواردنەوە لە ناو گەنجاندا

## پێشکەشە

١-بەو کەسانەی گوێ لە هەموو وتەیەك دەگرن و شوێن چاکەکانی دەکەون.

٢-بەو گەنجانەی هێشتا قێزەونی ئەم کارەیان لاروون نییە.

٣-بەو دایك و باوکانەی بە تەنگ رۆڵەکانیانەوەن.

٤-بەو موسڵمانە بەورانەی بونەتە چراو چوار دەوری خۆیان رووناك دەکەنەوە.

## دەسپێك

بێ وێنەیی بەرنامەی خوای گەورە پەروەردگارو کاربەجێ بەجۆرێکە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، تەماشای هەر بنەمایەکی بکەین سەراپا سوودو قازانجە بۆ مرۆڤایەتی. چونکە ئیسلام هەوڵ دەدات پێنج پێویستییەکانی ژیانی تاکە تاکەی مرۆڤەکان بپارێزێت کە بریتییە لە (نەفس – سامان – دین – وەچەو نەژاد – عەقل).

بەڵام رێچکە گومڕاکەرەکان زۆر بێ بەهایانە دەڕواننە مرۆڤایەتی و ئەم پێنج خاڵەو بە ئاسانی ژێر پێی دەنێن، بۆیە دەبینی: کوشتن، دزی، جەردەیی، بێ دینی و ئیلحاد، داوێن پیسی و خستنەوەی نەوەی زۆڵی، بڵاوکردنەوەی مادە بێهۆشکەرو عەقڵ لابەرەکان برەو پێ دەدەن.

مەی خواردنەوەش دیاردەیەکی زۆر زەقی ناو ئەم کۆمەڵگایەیە کە بە پێی وتەی هەمووان ئەم میللەتە ٩٩%ی موسڵمانە.. بەڵام کام موسڵمان !! موسڵمانێك

بێ ئاگا لە دینەکەی.. خەوتوو لەناو پێخەفی چاولێکەریدا. نوقم بوو لە زەلکاوی دنیا پەرستی و ئارەزووبازیدا.. کاتێ سەردانی سەیرانگاکان دەکەین لەجیاتی گوڵ و نێرگس و لالەزار بەمبەرو بەری جادەکاندا قوتوە بیرەو جۆرەکانی مەی و ئارەق چێنراوە، داروبەردو مەخلوقات هاورایەتی لەدەست پیسی و بەدکاری مەردوومەکان.

لەناو بازاڕەکاندا کۆگای مەی فرۆشان هەموو کوچەو کۆڵانێکی تەنیوەو نرخیشی رۆژ لەدوای رۆژ لەدابەزین و ئاسانکاری دایە. پارك و باخچەو شوێنە گشتییەکانی شارەکانمان لەجیاتی شوێنی حەوانەوە کراوەتە باڕو مەیخانەو رۆڵەکانی ئەم میللەتە زۆر بەشانازییەوەو بە ئاشکرا ئەم مادە بۆگەنە دەخۆنەوەو لایەنە بەرپرسەکانیش بێدەنگن و هیچ هەڵوێستێك نانوێنن بەرەو چارەسەری ئەم گرفتە گەورەیە.

سەردەمانی زوو هەموو شار چەند مەی فرۆشێکی دیاری کراوی تێدابوو کەسەرجەمیان لەو گاورانە بوون کە دانیشتوی شارن، بەڵام ئێستا مەی فرۆشان بەچکە حاجی و کوڕی شێخ و نەوەی سەیدو کەس وکای مەلاکانمانن!!

رۆژانە چەندان کارەساتی دڵتەزێن و جەرگ بڕ دەبینین و دەبیستین کە بەهۆی مەی خواردنەوەو خۆبێ هۆش کردنەوە دەکەوێتەوە، بەناو شاعیران و روناکبیرانی نەتەوەیشمان لەجیاتی ریسواکردن و قێزەون کردنی ئەم

کارە چەندان پوخشانو هۆنراوەی ریکلام ئاسایان بەسەر (مەیو مەیخانە)دا هەڵداوەو برەوی پێ ئەدەن تا ئەو هەهوو گەنجەی کە بەدەست کێشەی دەروونی ناو کۆمەڵگاوە دەناڵێنن پەنا بەرن بۆ مەی خواردنەوەو ئەوەندەی تر سنگو هەناویان (تالاو) باران بکەن، تا نەیانپەرژێت بیریك بکەنەوە لەم بێ عەدالەتیو دونیا پڕ لەستەمەی لە چواردەوریاندایەو هەنگاو نەنێن بۆ چارەسەرکردنی، ئەوەتا یەکێك لەو بەناو شاعیرانە دەڵێ:

من ئارەق دەخۆم تا بی کەدەر بم

دەمێ لەدونیای دوون بێ خەبەربم

زۆرم ئەزیەت چێژت لەروی ئەقڵەوە

باتۆزێ بۆ خۆم بێ هۆشو کەربم !!

بەڵام کاتێ دەگەڕێینەوە بۆلای بەرنامە تێرو تەواوەکەی خوای خاوەنی مرۆڤ دەبینین زۆر گرنگی داوە بەوەی کە مرۆڤ ئاستی خۆی دانەبەزێنێ بۆ ئاژەڵو ئەو عەقڵە جوانەی پێی بەخشیوە لەکەداری نەکات، چونکە هەر بەعەقڵ راستو چەوت، تاریکیو رووناکی، بەرژەوەندیو زیان لەیەك جیا دەکرێتەوە.جا لەگەڵم بە بابزانین هۆکارو دەرئەنجامو گەورەیی ئەم تاوانە چییەو میللەت بەرەو کوێ راپێچ دەکاتو ئایا دەرمانی ئەم دەردە بەچی دەبێت؟:

### هۆکارەکانی دەرکەوتنی دیاردەی مەی خواردنەوە

بڵاوبونەوەی ئەم یاردەیە بەرێکەوتو کتوپری نەبووە بەڵکو هۆکارو نەخشەی وردی زۆری لە پشتەوەیە ، لەوانە:

١-والابوونی سنورەکان بەرووی هاوردەکردنی مەیو مادە بێ هۆش کەرەکان بەگشت جۆرەکانیەوە.

٢-نارۆشنبیری زۆرێك لە گەنجان بەرامبەر دەرئەنجامەکانی مەی خواردنەوە.

٣-بێ دەنگی راگەیاندنەکان لە ناشیرین کردنی ئەم دیاردەیەو بگرە زۆر جار بە پێچەوانەوەیە بەتایبەتی لە زنجیرە تەمسیلییەکاندا کەسێکی مەی خۆر زۆر بەچاکترو باشتر لە قەڵەم دەدەن لەنوێژکەرێك یان حاجییەك.

٤-چاولێکەری کوێرانەی رۆژئاواو شوێن پێ هەڵگرتنیان هەنگاو بە هەنگاو لە خراپەدا.

٥-زۆربوونی کۆگاو دوکانی مەی فرۆشتنو بارو جێگای مەی خواردنەوە.

٦-بەئاسایی تەماشاکردنو ئولفەت گرتنی خەڵك بەم کارەوە.

٧-نەبوونی بەرنامەیەکی پەروەردەیی بۆ پێگەیاندنی نەوجەواناناو گەنجان لەم دیاردە قێزەونە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەو باس نەکردنی لەپرۆگرامی خوێندندا.

٨-بە پێچەوانەوە بوونی چەندان کەناڵی رەوشت روشێنەرو پەخش کەری بەرەڵاییو دابەزاندنی پیت بەپیتی ئەو فلیمانەی ئەم کارە برەو پێی دەدەنو ریکلامی بۆ دەکەن.

٩-بڵاوکردنەوەی چەند دروشمێکی گەورەو قەبەی وەك: ئازادی بی سنورو سەربەستی رەهاو تێکدانی شیرازەی خێزان‌و پەروەردەکردنی گەنجان بەوەی گوێ لە باوك‌و دایك نەگرن‌و ئەوان دواکەوتون‌و پێویستە لەباوك سالاری رزگاریان ببێت !!

١٠-هاورِێی خراپ‌و چاولێکەری ناوخۆ بۆ خراپەی یەکتری.

١١-دەست بەتاڵی‌و کاتی فەراغ لەناو گەنجانداو سەقاڵ نەکردنیان بەبواری بەسوودی وەك خولی فێربوونی زمان، کۆمپیوتەر، وەرزش‌و بەرنامەی بەکەڵکی تر کە سودی دین‌و ژینی تێدا بێت.

١٢-زاڵ بوونی لایەنی مادی بەسەر لایەنی رۆحی‌و ئیمانی‌داو سەرقاڵ بوونی خەڵك بە پێشبڕکێ لە کۆکردنەوەی پارەو سامان سائیتر حەرام بێت یان حەڵاڵ گوێی پێ نادرێت.

١٣-دوورخستنەوەی خەڵکی لەگوێ گرتن لە حەق‌و هامشۆکردنی مزگەوت بەبیانو بەهانەی جۆراو جۆرەوە.

١٤-سست‌و لاوازی بانگەوازی ئیسلامی‌و لایەنە ئیسلامدۆستەکان‌و نەبوونی پرۆگرامێکی تێرو تەسەل بۆ ئەندامانی خۆیان چ جای خەڵکی ترو کەمتەرخەمی لە چوون بەدەمیانەوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە لە زۆرێك لەو کەسە لەرێ کەوتوانەی کە کادێری کۆنی ئیسلامیەکان بوون.

١٥- سستی مەلاو مامۆستایانی ئایینی بەجۆرێك زیاتر وتارەکانیان بریتییە لەڕازی کردنی دەستەلاتداران‌و شاردەنەوەی حەق‌و باس نەکردنی دەردو دەرمانی ناو ئەم کۆمەڵگایە بەشێوەی پرۆگرامی‌و جوان.

١٦-دروست بوونی چەندان بیروبۆچوونی نامۆ لەولاتداو هەوڵدانیان بۆ لەخشتەبردنی کۆمەڵگاو وەشاندنی تۆوی فەساد.

١٧-فەرامۆش کردنی فەرمان بەچاکەو بەرگری لەخراپە لەلایەن بانگخوازان‌و موسڵمانان بەگشتی.

١٨-بێ دەنگی رۆشنبیران‌و نووسەران‌و پزیشکان لەم مەسەلەیە، جائیتر بەنەزانی بێت یان زۆرزانی !!!

١٩-گرنگی نەدانی دایکان‌و باوکان بە پەروەردەی راست‌و دروستی منداڵەکانیان‌و نەبوونی شارەزایی لەچاك کردنی رەفتاری ناشیاوی کۆرپەکانیان.

٢٠-کێشەی ناوخێزانەکان کە فاکتەرێکی گەورەیە بۆ ئەوەی ئەو گەنجانەی لەو خێزانە پڕ لەئاژاوانەدا دەژین پەنا بەرنە بەر هاورِێی خراپ‌و مەی‌و جگەرە.

## قێزەونی تاوانی مەی خواردنەوە لەشەرعی خوای گەورە

خوای گەورە دەفەرموێت : (یاایها الذین امنوا أنما الخمر والمیسر والانصاب والأزلام رجس من عمل الشیطان فاجتنبوه لعلکم تفلحون) المائده /٩٠

واتە: ئەی ئیمانداران بێ گومان مەی‌وقومارو جۆرەکانی‌و بت‌و یانسیب‌و زار لەکاروکردەوەی شەیتانن، دەستی لێ هەڵگرن بەڵکو سەرفراز بن .

جا خوای گەورە (مەی)و (بت پەرستی) بەیەکەوە ناو بردووە.

پێغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێت (**من مات مدمن خمر لقي الله وهو كعابد وثن**). رواه الطبراني ١٢/٤٥ وهو في صحيح الجامع (٦٥٢٥).

واتە : هەرکەسێك بەئاڵودە بوون بەمەی خواردنەوەوە بمرێت ئەوا کاتێ دەگات بەخوای گەورە وەك بت پەرست وایە.

لە جابرەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (**ان على الله عزوجل عهداً لمن يشرب المسكر أن يسقيه من طينة الخبال**).واتە : خوای گەورە پەیمانی لەسەر خۆی داناوە کە هەرکەسێك ماددەی سەرخۆشکەر بخواتەوە کەوا لە ڕۆژی دوایدا لە (طينة الخبال)ی دەرخوارد بدات. وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (طينة الخبال) چییە؟ فەرمووی: (**عرق أهل النار أو عصاره اهل النار**) واتە : ئارەق یان کێمو زوخاوی لاشەی خەڵکی دۆزەخ/ رواه مسلم ١٥٨٧/٣

جا بۆ زیاتر گەرم کردنی بازاڕی ئەم کارە پیسە چەندان جۆروناوی بریقەداریان داهێناوە بۆی وەك (بیرە- ویسکی- ئارەق) وەجۆرەکانیان لە (فودکا- شمبانیا- لؤلؤ- المسیح...هتد) وەناوی دەبن بە (المشروبات الروحيه) واتە : خواردنەوەی گیانی. ئەمەش بەڵگەی ڕاستگۆیی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەردەخات کە فەرمویەتی: (**ليشربن ناس من امتي الخمر يسمونها بغير اسمها**). رواه الامام احمد ٣٤٢/٥ وهو في صحيح الجامع (٥٤٥٣).

واتە: چەند کەسانێك لە ئۆمەتەکەی مندا دەردەکەون ئارەق دەخۆنەوەو بەناوی تر ناوی دەنێن.

بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگەی ئەم فێڵەشی لە خەڵکی گرتووەو فەرمویەتی : (**كل مسكر خمر وكل مسكر حرام**). رواه مسلم ١٥٨٧/٣.

واتە: هەموو سەرخۆش کەرێك (مەی)ە. وە هەموو سەخۆشکەرێك حەرامە.

جا ئیتر هەرشتێك هۆشو ژیری لابەرێتو مرۆڤ مەست بکات حەرامە، کەمیو زۆری ئەگەرچی دڵۆپێکیش بێت جا لەشێوەی ئاووخواردنەوەدا بێت یان شروب یان حەب یان تۆز یات شتی تر.

چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (**ما اسكر كثيره فقليله حرام**). رواه ابوداود (٣٦٨١) وهو في صحيح أبي داود (٣١٢٨).

واتە: هەرشتێك زۆرەکەی سەرخۆشو مەستت بکات ئەوا کەمەکەشی حەرامە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : (**الخمر أم الفواحش وأكبر الكبائر من شربها وقع على امه وخالته وعمته**). رواه الطبراني ١١٣٧٢/١٦٤/١١ وهو حديث حسن. انظر صحيح الجامع (٣٣٤٥).

واتە: مەی دایكو بنچینەی هەموو خراپەکانو گەورەترینی تاوانە گەورەکانە. هەرکەس بیخواتەوە (ئاگای لە خۆی نییە)و داوێن پیسی لەگەڵ دایکیو خوشکی دایکیو خوشکی باوکیشیدا دەکات.

تێبینی/ بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی ٥٠ ٪ ی حاڵەتەکانی زەوتکردنی جەستەیی (اغتصاب) بەهۆی کاریگەری مەیەوەیە، هەروەها زۆربەی دەست درێژی کردنە سەرمەحرەمەکان بەهۆی (مەی)ەوەیە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە هەندێك كەسی نەفام بەبیانوی ئەوەی هەندێ جۆری مەی چارەسەرە بۆ هەندێ نەخۆشی وەك بەردی گورچیلەو شتی تروبەم بەهانەیو حەڵاڵیدەكەن.

پێغەمبەریش ﷺ فەرمویەتی ( **لیكونن من امتي اقوام یستحلون الحر والحریر والخمر والمعازف ....**). **رواه البخاری انظر الفتح ٥١/١٠.**

واتە لەناو ئومەتەكەی مندا كەسانێك پەیدا دەبن (زیناو داوێن پیسی ) و (ئاوریشم)و (مەی) و (ئامێرەكانی مۆسیقا) حەڵاڵ دەكەن.

لەوائیلی كوڕی حجرەوە دەفەرمویێت: طارقی كوڕی سویدی الحضری پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ كرد دەربارەی (مەی) كە بكرێتە ناو دەرمانەوە بۆ چارەسەركردن. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : (**انها داء ولیست بدواء**). واتە : مەی دەردەو نەخۆشیەو دەرمان نییە/ اخرجە مسلم في صحیحە والترمذي وابن ماجە.

جا پاشتر باس لەو نەخۆشیو دەردانە دەكەین كە لە مەی خواردنەوەوە توشی مرۆڤ دەبێت. بەڵام پێویستە بزانرێت كە هیچ كاتێك خوای گەورە شیفای لە شتە حەرام كراوەكاندا دانەناوە چونكە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویێت: (**ان الله لم یجعل شفاؤكم في ما حرم علیكم**).رواە البخاري معلقاً ٧٨/٩ و وصلە ابن حجر في الفتح الباري ٧٩/٩.

واتە: بەڕاستی خوای گەورە چارەسەرتانی لەو شتانەدا دانەناوە كە لەسەرتانی حەرام كردووە.

شەرعی خوای گەورە سزای قورسی داناوە بۆ ئەو كەسەی ئەم مادانە دەخواتەوە بە ئەنقەست. بەجۆرێك ئەگەر موسڵمانێكی پێ گەیشتوی ژیری زۆر لێ نەكراو شتێكی سەرخۆش كەرو بێ هۆشكەری خوارد (٤٠) تا (٨٠) داری لێ دەدرێت. / مسلم ٣ / ١٧٠٦/١٣٣٠.

خۆ ئەگەر چوار جار دووبارەی كردەوە ئەوا بەلای بۆچونی چەند زانایەك دەكوژرێت. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویێت : (**ان من شرب الخمر فأجلدوە فإن عاد في الرابعة فاقتلوە**). رواە الترمذي ٤٩/٤ والنسائي وغیرها ولە طرق واسانید كلها صحیحة.

واتە : هەركەسێك مەی خواردەوە ئەوا داری حەدی لێ بدەن، جا ئەگەر چوارەم جار گەڕایەوە سەری و خواردیەوە ئەوا بیكوژن (ئەمەش كاری خەلیفەیە).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویێت (**من شرب الخمر وسكر لم تقبل لە صلاة اربعین صباحاً، وان مات دخل النار، فان تاب تاب الله علیە، وان عاد فشرب فسكر لم تقبل لە صلاة اربعین صباحاً، فان مات دخل النار ، فان تاب تاب الله علیە ، وان عاد فشرب فسكر لم تقبل لە صلاة اربعین صباحاَ، فان مات دخل النار ، فان تاب تاب الله علیە، وان عاد كان حقاً علی الله أن یسقیە من ردغة الخبال یوم القیامة. قالوا: یارسول الله وما ردغة الخبال؟ قال : عصارة اهل النار**). رواە ابن ماجە رقم (٣٣٧٧) وهو في صحیح الجامع (٦٣١٣).

واتە: هەركەسێك مەی بخواتەوەو مەست بێت چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ نابێتو ئەگەر مرد دەچێتە ئاگرەوە، خۆ ئەگەر تەوبەری كرد خوای گەورە تەوبەری لێ وەردەگرێت. جا ئەگەر گەڕایەوە سەر مەی خواردنەوەو مەست بوو چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ نابێتو ئەگەر مرد دەچێتە ئاگرەوە خۆ ئەگەر تەوبەی كرد خوا تەوبەی لێ وەردەگرێت. جا ئەگەر سێیەم جار گەڕایەوە بەهەمان شێوە.....بەڵام

ئەگەر لەچوارەم جاردا گەڕایەوە سەر مەی خواردنەوە ئەوا مافە لەسەر خوای گەورەو خۆی بەمافی داناوە لە سەر خۆی کە لە ڕۆژی دوایدا لە (ردغە الخبال) ی دەرخوارد بدات. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ردغە الخبال) چییە؟ فەرمووی: کێمو زوخاوو گوشراوی لاشەی ئەهلی دۆزەخە.

## *مەی بنچینەی هەموو خراپەو تاوانێکە*

لە عەبدوڵلای کوڕی عەمرەوە: ڕۆژێکیان ئەبوبەکری صدیقو عومەری کوڕی خەتابو چەند هاوەڵێک دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشتبوونو باسی گەورەترین گوناهی گەورەیان دەکرد، جا نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك، منیان نارد بۆ لای عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاص تا پرسیاری لێ بکەم دەربارەی ئەوە، ئەویش هەواڵی پێدام کە گەورەترین گوناهی گەورە (مەی خواردنەوە)یە.

منیش گەڕامەوەو هەواڵەکەم پێدان، ئەوانیش ئینکاری ئەمەیانکردو بە هەڵپە کەوتنە ڕێ بەرەو ماڵی عبداللە. کاتێ چوون ئەویش هواڵی پێدان کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : (پادشایەکی بەنی ئیسرائیل کابرایەکی گرتو سەرپشکی کرد لەنێوان ئەوەی: یان دەبێت مەی بخواتەوە یان منداڵێك بکوژێت یان زینا بکات یان گۆشتی بەراز بخوات، یان ئەوەتا ئەگەر هیچیانی نەکردو ملی نەدا دەیکوژێت. ئەویش مەی خواردنەوەی هەڵبژارد. کاتێ خواردیەوە چییان لێ داواکرد ئەنجامی داو نەیتوانی مل نەدات) جا پێغەمبەریش (ﷺ) لەوکاتەدا بە ئێمەی فەرموو: (هیچ کەسێك نییە کەمەی بخواتەوە ئیلا چل شەو نوێژی قبوڵ نابێت، هەرکات بمرێتو لەنێوان ددانەکانیدا شتێك مەی تێدا بێت ئیلا بەهەشتی لەسەر حەرام دەبێتو ئەگەر لەو چل شەوەشدا بمرێت ئەوا بە مردنێکی نەفامی دەمرێت). رواه الطبراني باسناد صحیح مرفوعاً. سلسلة الاحادیث الصحیحة. ٤٣٨/٦ رقم (٢٦٩٥).

عوسمان (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمویەتی : (خۆتان بپارێزن لە (مەی) خواردنەوە چونکە بەڕاستی بنچینەی هەموو خراپەیەکە.چونکە پیاوێك لە نەوەکانی پێش ئێوەدا خەریکی خواپەرستی بوو. ئافرەتێکی داوێن پیس دڵی پێیداچوو وە حەزی لێ کرد. ئەو ئافرەتە کەنیزەیەکی خۆی نارد بەدوایداو پێی وت کەوا بانگت دەکەم بۆ شایەتی دانێك. ئەویش لەگەڵ کەنیزەکەدا هات. جا لەهەر دەرگایەکەوە دەهاتە ژوورەوە کەنیزەکەکە لەسەری دادەخست. تا گەشتە ئافرەتەکە کە لەلای خۆیدا منداڵێكو قاپێك مەی دانابوو ئافرەتەکە وتی: سوێند بەخوا من بۆ شایەتی دان بانگم نەکردوی. بەڵکو بانگم کردوی تا یان زینام لەگەڵ بکەیت یان قاپێ مەی بخۆیتەوە یان ئەم منداڵە بکوژیت. ئەویش وتی: دەی قاپێ مەیم بدەرێ. ئەویش دەرخواردی داو پیاوەکەش دەیوت: زیاترم بدەرێ. تا ئەوەندەی نەبرد زینای لەگەڵ کردو دواتر منداڵەکەشی کوشت. جا خۆتان لەمەی بپارێزن. چونکە سوێند بەخوا ئیمانو ئاڵودەبوون بەمەی خواردنەوەوە کۆنابنەوە ئیلا نزیکە یەکێکیان ئەوی تریان بکاتە دەرەوە/ رواه النسائي في سننه ٣١٥/٨ موقوفاً علیه. وهو في صحیح سنن النسائي ٤٦/٣ رقم (٥٢٣٦) وسلسلة الاحادیث الصحیحة ٤٣٩/٦.

## ئەو نەخۆشیانەی لە ئەنجامی (مەی) خواردنەوە دروست دەبێت

١-دەرکەوتووە مەی دەبێتە هۆی یارمەتی دروست بوونی ماددەی نیتروزامین ( nitrosamine) لەلاشەدا کە بەهێزترین ماددەی دروست کەری شێرپەنجەیە.

لەوانە دەبێتە هۆی شێرپەنجەی سورێنچكو خوێن بەربوونو هەوکردنی هەمیشەیی سورێنچكو رودانی سك چونو مایەسیریو هەوکردنی توندی پەنکریاس کە هەندێ جار کوشندەیە. هەروەها شێرپەنجەی دەمو خانەکانی جگەرو قورگ.

٢-هۆکاری سەرەکی زۆربەی سنگەکوتێو مردنە کتوپڕییەکانە. چونکە بە تەواوی کاردەکاتە سەر دڵو لێدانەکانی تێك دەدات.

٣-بەشێوەیەکی هێواش کاریگەری خراپی لەسەر کۆئەندامی سێکسی هەیە چونکە دەبێتە هۆی زیادکردنی زەوقی بخۆرەکەیو سست کردنو دابەزاندنی توانای سێکسیو پەك خستنی.

٤-هۆکارێکی گرنگە بۆ تووش بوون بە نەخۆشییەکانی گورچیلەو لەئاکامیشدا پەك خستنی هەمیشەیی گورچیلەکانو هەوکردنو سوربوونەوەی پرۆستاتو ئێشو ئازاری زۆر لای ئەوانەی کە نەخۆشی پرۆستاتیان هەیە.

٥-مەی ڤیتامینەکانی ناوخواردن لەناو دەباتو کاریگەری ئەو دەرمانانە پەك دەخات کە بۆ دابەزاندنی فشاری خوێن بەکاردەهێنرێتو نەخۆش سود لەو دەرمانانە وەرناگرێت.

٦-هۆکارێکەی بۆ توش بوونی کۆرپەلە بەناتەواویو شێواوی ئەندامەکانی جەستەی لەو ئافرەتە سك پڕانەی مەیخۆرن.

٧-لە ئەنجامی فراوان بوونی لولەخوێنێنەکانی ژێر پێستەوە دەبێتە هۆی لەدەستدانی گەرمی لەشو رێگرتن لەکاری ئەو ناوچەیەی دەماغ کە بەرپرسە لە رێکخستنی گەرمی لەش کە پێی دەوترێت:(hypotahalamus). بەمەش مەیخۆر هەست بەگەرمیەکی درۆینە دەکات هەر بۆیە سالانەو لەبۆنەکانی سەری ساڵدا کارەساتی مردنو رەق بوونەوەی سەدان کەس روودەدات لە ئەمەریکاو روسیاو وڵاتانی دیکەدا کە بەمەستی شەوان لەسەرجادەکاندا دەمێننەوە.

٨-جگە لەمانەش: بەرزبوونەوەی پەستانی خوێنو دەماخەوەستێو کەم بوونەوەی توانی سیستەمی بەرگری کردنو لاوازبوونی توانای خڕۆکەو سپییەکان بۆ بەرگری کردن لەلاشەو کەم بوونەوەی خوێنو شی بوونەوەی خڕۆکە سورەکانو زیادبوونی چالاکی سپڵو هەوکردنی ئەندامەکانی کۆئەندامی هەناسەدانو توش بوون بەسیلی سییەکان.

## مەی خواردنەوەو چەند ئامارێك

توێژینەوەی مالۆ لە سوید دەری خستوە کە ٢٩٪ ی هەموو رۆژەکانی داخل بوون لە نەخۆشخانەکان بەهۆی خواردنەوەی مەیەوەیە. لە کتێبی (ألف باء الکحول) هاتووە کە ٢٥ ٪ ی هەموو حاڵەتەکانی ژەهراوی بوون لە بەریتانیا بەهۆی مەی خواردنەوەیە وە ٦٠٪ ی ئەو بەسالاچوانەی داغڵی نەخۆشخانە دەبن بەهۆی مەیەوەیە.

لەروسیاشدا ٩٠٪ ی ئەوانەی ژەهراوی بوون‌و داغڵی نەخۆشخانە دەبن بەهۆی مەیەوە منداڵن‌و لەخوار تەمەنی (١٥)ساڵیەوەن‌و سێیەکیشیان لە خوار تەمەنی (١٠) ساڵیەوەن.

مەی خواردنەوە دووەم هۆکاری مردنە لە ئەمەریکاو ساڵانە (١٢٥) هەزار کەس بەهۆی ئەو نەخۆشی‌و دەردو بەڵاو کارەساتانەوە دەمرن کە لە ئەنجامی مەی خواردنەوەوە دروست دەبن. وەقوربانیانی جگەرەش بە پلەی یەکەم دێت‌و ساڵانە (٣٥٠) هەزار کەس بەو هۆیەوە دەمرن. لە بەریتانیاش بە پێی راپۆرتێکی کۆلێژی شاهانەی پزیشکان ژمارەی قوربانیانی مەی خواردنەوە دەگاتە (٤٠)هەزار کەس. وەقوربانیانی جگەرەکێشانیش لە بەریتانیا ساڵانە دەگاتە (١٤٠)هەزار کەس.

زیاد لە حەوت ملیۆن ئەمەریکی ئالودەی مەیخواردنەوەن لەناو ئافرەت‌و پیاواندا‌و ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی ساڵانە (٢٥) هەزار کارەساتی ئۆتۆمبێل و (١٥) هەزار حاڵەتی کوشتن‌و خۆکوشتن‌و (٢,٥) حاڵەتی دەستگیرکردنی پۆلیسی روبدات.

بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوەی تەندروستی جیهانی لە ژمارە (٦٥٠) ی ساڵی ١٩٨٠ کە سەبارەت بە کحول‌و گیروگرفتەکانیەتی هاتووە: (خواردنەوەی مەی کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستی هەیە‌و گیروگرفتەکانی لە هی مادە سرکەرەکانی هیرۆین‌و مۆرفین زیاترە).

بەپێی ئامارەکان ٨٦٪ ی تاوانەکان لە ژێر کاریگەری مەیخواردنەوە ئەنجام دەدرێت‌و ٥٠٪ ی کارەساتەکانی رێگاوبان بەهۆی مەیەوەیە.

راپۆرتێکی کۆلێژی شاهانەی بەریتانی ساڵی ١٩٨٧ دەری خستووە کە: خواردنەوەی (٦٠)ملم لە کحول رۆژانە دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرزی پەستانی خوێن‌و دەماخەوەستێ‌و نەخۆشییەکانی جگەرو لاوازی توانای سێکسی‌و نەزۆکی‌و نەخۆشیەکانی کۆئەندامی دەمار، بەڵام بۆ ئافرەتان نیوەی ئەم برە بەسە بۆ توش بوون بەو نەخۆشیانە.

ئەو وڵاتانەی لەبواری زانستیدا پێش کەوتوون وەك ئەڵمانیا ساڵانە ملۆنەها مارك لەراگەیاندنەکاندا سەرف دەکات بۆ کەم کردنەوەی مەی خواردنەوە لای هاوڵاتیان بەڵام لای خۆمان بەپێچەوانەوە برەوی پێدەدرێت !!

ساڵانە لە فەرەنسا (٢٢٥٠٠) کەس دەمرێت بەهۆی کاریگەری کوشندەی مەی لە سەر جگەر. مەی خواردنەوە هۆکاری ٣٥٪ بۆ تێکچونی کۆرپەی ئەو دایکانەی مەی خۆرن. بۆ چەسپاندنی زیانەکانی‌و قەناعەت پێکردنی خەڵکی بە پێویستی وازهێنان لە مەی خواردنەوە ئەمەریکا لایەنە خراپەکانی مەی

خواردنەوەی خستوەتە ناو پرۆگرمی خوێندنەوەو گەنجەکان هان دەدات بۆ هاوڕێیەتی نەکردنی مەی خۆران و لۆمەکردنی ئەوانەی دەیخۆنەوە !!! ئەمەش لەکاتێکدا ئەوان هیچ گوێ نادەن شەرع و حەڵاڵ و حەرام، بەڵام بەتەجرەبەو ئزمون گەشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە کۆمەڵگا بپارێزرێت لەم ئافاتە.

## هەندێك خاڵ بەرەو کەم کردنەوەو نەهێشتنی ئەم دیاردەیە

١-ڕێنمایی کردنی خەڵکی لەلایەن کەناڵە پەروەردەییەکانەوە بۆ دورخستنەوەیان لەم مادە پیسە.

٢-دروست کردنی ترسی خوای گەورە لەدڵی موسڵمانان دا بەوەی زۆر گرنگی بدرێت بە بابەتی ئیمانی و باسی بەهەشت و دۆزەخ.

٣-کردنەوەی خولی شەرعی و ڕۆشنبیری و زانستی و وەرزشی بۆ گەنج و لاوان.

٤-بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەو کاسێت و نامیلکەی دیاری بەسەر نەوەی نوێدا بۆ ئاڕاستە کردنیان بەرەو خۆپاراستن لەمەی و مەیخۆران.

٥-گرنگی دان بەدانانی پرۆگرامێکی وردو دووربین و شەرعیانە بۆ ئەندامان لەلایەن لایەنە ئیسلامییەکانەوەو باس کردنی دەرئەنجامەکانی ئەم کارە تیایدا .

٦-بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گشتی لەناو خەڵکیدا بەگشتی بەسازدانی کۆڕو سیمینار بۆ دورخستنەوەیان لەم مادانە.

٧-کەم کردنەوەی باڕو مەیخانەکان و قەدەغەکردنی مەی خواردنەوە لەلایەن گەنجان و بە ئاشکرا لە شوێنە گشتی و سەیرانگاکانداو نەهێشتنی هاوردەکردنی ئەم مادده پیسانە.

٨-پێویستە خراپی ئەم مادانە لەناو مەنهەجی خوێندندا روون بکرێتەوەو لایەنی شەرعی و نوژداری بۆ خەڵك بەیان بکرێت و منداڵەکانمانی لەسەر گۆش بکرێت.

٩-زۆر گرنگی دان بە فەرمان بە چاکەو بەرگری کردن لە خراپە بەشێوەیەکی جوان و دانایانە بۆ گەڕاندنەوەی ئەوانەی ئالودەی ئەم کارە بوون.

١٠-گرنگی دانی دایك و باوك بە پەروەردەی منداڵەکانیان و دۆزینەوەی هاوڕێی باش و خولی سوودبەخش و نامیلکەو کتێبی زانستیانە بۆ منداڵەکانیان و سەرقاڵ کردنیان بەکاری بەکەڵکەوەو لێ پرسینەوەیان وەسازاندنی کەشێکی ئارام لەناو خێزانەکاندا تا گەنجان پەنا بەرنە بەر ئەم کارە .

**كاريگەری ئەندازەی خواردنەوەی مەی لە سەر لاشە بە میلغرام لە هەموو مللتر.**

- ٠,٢ نابینایی لەشەودا
- ٠,٣ کەمبوونەوەی توانای تەرکیزو حەزکردن بە زۆر بلێی.
- ٠,٥ تێکچوونی تەنسیقی نێوان جومگەکان.
- ٠,٨ ڕێکنەخستنی هەڵسوکەوت و تێکچوونی.
- ١,٠ زیادبوونی نەمانی توانای قسەکردن و تەرکیز.
- ١,٥ مرۆڤ توانای ڕۆشتنی نامێنیٚ و هەڵدەنوتیٚ وەك منالێکی پیٚ نەگرتوو.
- ١,٧ لێخوڕین بەم حاڵەتەوە هەڕەشەی مردن لەخاوەنەکەی دەکات.
- ٢,٠٠ نەمانی توانای هەڵسوکەوت بەشێوەی ئاسایی.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : (لعن الله الخمر، وشاربها، وساقيها، وبائعها، ومتباعها، وعاصرها، ومعتصرها، وحاملها، والمحمولة اليه). حديث صحيح اخرجه ابوداو (٣٦٥٨) وابن ماجه (٣٣٨٠).
واتە: نەفرەتی خوا لە مەیو مەی خۆرو ئەوەی دەیگێڕیٚ (ساقی)، وە ئەو کەسەی دەیفرۆشیٚو ئەوەی دەیکڕیٚ. وە ئەوکەسەی ئەو شتە دەگوشیٚ کە مەی لیٚ دروست دەکرێت، وە ئەوەی باری دەکاتو ئەوەی بۆی بار دەکرێت.

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين